



## بیرهاتنەوەی خانمە هونەرمەندی کورد

# گوڵبەهار
(١٩٢٩- ٢٠١٠)
# فەیرۆزی کوردستان



دەحام لوقمان

گوڵبەهار یەک لەو هونەرمەندە گەورانەیە کە لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوودا خزمەتێکی گەورەی بەهونەری کوردی کردووەو ئاوێتەی گۆرانی گوتن بووە، زایەڵەی دەنگەکەی هەموو کوردستانی گرتبۆوە.

هونەرمەند گوڵبەهار (وردة الربیع)، گوڵی دڵڕفێنی بەهاری کوردستان، کە نازناوی (فەیرۆز[١]ی کوردستان)ی پێدراوە. زۆربەی گۆرانییەکانی زادەی شیعرو هۆنراوەکانی (دکتۆر بەدرخان سند)ین، کە پڕن لە وشەی جوان و مانادارو کاریگەر. دکتۆر بەدرخان خۆشی لەوتارێکیدا دەڵێت: «گوڵبەهار لەکاتێکدا لەدونیای گۆرانی کوردیدا دەرکەوت، کە دەنگی ئافرەتی تێدا ون ببوو، بەلێهاتویی خۆی ئەو بۆشاییەی ئافرەتانی پڕکردەوەو خزمەتێکی گەورەی بەو بوارە کرد» وەکو ژنێکی پێشەنگی ئەو بوارە خزمەتێکی زۆری بەهونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی کردووە.



## سەرەتای ژیان و پێگەیشتنی

گوڵبەهار ناوی راستەقینەی (فاتیمە محەمەد ئەحمەد عەلی)یە، بنەچەی خێزانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆك. دوای رووخانی میرنشینی بەهدینان لەساڵی ١٨٤٣ خێزانەکەی دێنە خوارەوەو کۆچ دەکەن بۆ گوندێکی سریانی لەناوچەی جۆلەمێرگی باکووری کوردستانی ئێستا، ساڵی ١٩٢٩ گوڵبەهار لەوێ لەدایك دەبێت. دوای ئەوە جارێکی دی خێزانەکەی رەزامەند دەبن بە گەڕانەوەیان بۆ باشووری کوردستان و لە دەڤەرو زێدی رەسەنی خۆیان ئامێدی نیشتەجێ دەبن. پاش کۆچی دوایی باوکی کە ئەوکات تەمەنی ٦ -٧ ساڵان دەبێت، خێزانەکەی دەچن بۆ شاری موسڵ و لەوێ دەست بە خوێندنی سەرەتایی دەکات، دوای ئەوە دەچنە بەغداو تاوەکو پۆلی پێنجی سەرەتایی دەخوێنێت و لەوێ بەتەواوی جێگیر دەبن. لەبەر خراپیی بژێوی ژیان نەیتوانی خوێندن تەواو بکات، هەربۆیەش شوو بە گەنجێکی زەنگینی بەغدا دەکات و کچێکیان دەبێت بە ناوی بێریڤان، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی دواتر ژنێکی دیکەی بەسەردا دێنێت، ژیانی هاوسەرێتیان بەردەوام نابێت و لێك جیادەبنەوە، گوڵبەهار لەگەڵ کچەکەی لە ژیانێکی سەخت و دژواردا دەمێننەوە.

## ژیانی هونەریی

گوڵبەهار لە تەمەنێکی زووەوە لە ژێرکاریگەری خوشکەکەی (فەوزیە محەمەد - هونەرمەند) دەچێتە نێوکاری هونەری و ساڵی ١٩٤٩ وەکو یەکەمین کچە کوردی عێراقی دەچێتە سەر تەختی شانۆ و لە نێو تیپی کۆرالی رادیۆی عێراق کاردەکات. ساڵی ١٩٥٦کە بۆ یەکەمجار تەلەڤزیۆن هێنرایە بەغدا، بەشداری چەندین کاری نواندنی کرد. لە دوو فیلمی سینەمایی بەناوەکانی (الوردة الحمراء، عروس الفرات) بەشداریکرد، ئەوکات ناوی هونەری (فائزە محەمەد) بوو. دوای ئەوە پەیوەندی کرد بە تیپی هونەری (یەحیا فایەق)، پاشان دەچێتەوە ناو (تیپی هونەری ١٤ی تەمموز) کە دامەزرێنەرەکەی شێخ عەلی دەروێش؛ مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بوو، لە رێگەی ئەو تیپەوە ناوبانگی دەرکردو دەرگای بۆ کرایەوە بۆ بەشداریکردن لە کاری تەلەڤزیۆنی لەبەغدا. هەروەها رۆڵی ئەکتەریی بینیوە لەفیلمێکی دەرهێنەری بەناوبانگی میسری (یوسف وەهبی) کە یەك لەپێشەنگەکانی بواری سینەماو شانۆی عەرەبییە. ئەمانە وایانکرد لەپەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوو ناو و ناوبانگێکی هونەری پەیدا بکات و وەکو هونەرمەندێکی عێراقی چاوی لێدەکرا.

سەرەتا وەکو ئەکتەرێکی شانۆ و سینەمایی رۆڵ دەبینێت و دەردەکەوێت، نەك وەکو گۆرانیبێژێك. یەکەمینی ئەو هونەرمەندە کوردانە بوو، کە هەڵسا بەکاری شانۆیی بۆ هەموو عێراقییەکان، کە لەو سەردەمدا تەنانەت چوونی پیاو بۆ سەر شانۆ جورئەتێکی گەورەی دەویست! بۆیە کارکردنی لەگەڵ گەورە هونەرمەندانی عێراقی وەکو (یەحیا فایەق، فەوزی موحسین، وەجیە عەبدولغەنی، ئەسعەد عەبدولڕەزاق، چیا و ئەلبەیاتی) و دەرکەوتنی لە تەلەڤزیۆن، وایانکرد وەکو ژنە هونەرمەندێکی عێراقی، لە ریزی ئەو گەورە هونەرمەندانە ناوی بهێنرێت.

ساڵی ١٩٦٠ دەچێتە رادیۆی بەغداو پارچەیەك گۆرانی لەکۆرالی رادیۆی بەغدا بە زمانی عەرەبی دەڵێت. لەوێ ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی کوردی ناسی، کە لە ئێستگەی کوردی رادیۆکە گۆرانییان تۆمار کردبوو، گوێگرتنی لەدەنگ و ئەدای ئەو هونەرمەندانە کاریگەری زۆری لەسەر داناو هانیدان بۆ ئەوەی هەرچی زووە گۆرانی بە زمانی کوردی تۆماربکات. بەمەبەستی خزمەتکردنی میللەتەکەی لە رێگەی گۆرانیگوتن.

لەسەرەتای ساڵی١٩٦١ بەهاوکاری ئەحمەد خەلیل (بەڕێوەبەری بەشی کوردی رادیۆی بەغدا) و مونیر بەشیر، یەکەمین گۆرانی بە زمانی کوردی بە ناوی (کوڕێ گوند بەژن دارێ حەیزەران) تۆماردەکات، گۆرانییەکە هۆنراوەی (مەحەمد ئەمین عوسمان) و ئاوازەکەشی ئەحمەد خەلیل خۆی بۆی دانابوو.

## گۆرانییەکانی

گوڵبەهار لەگەڵ تۆمارکردنی یەکەمین گۆرانی ناو و ناوبانگی لە دنیای هونەر زیاتر دەنگیدایەوە. تەکانێکی گەورەی دایە پێشڤەچوونی گۆرانیی کوردی. شێوازێکی نوێ و مۆدێرنەی گۆرانیگوتنی گرتەبەر، هۆنراوەو ئاوازی نوێی بۆ گۆرانییەکانی بەکاردەهێنا بە بەراورد لەگەڵ گۆرانیبێژە میللی و کلاسیکیەکانی وەکو؛ نەسرین شێروان، مەریەم خان، فەوزیە محەمەد و عەیشەشان.

گوڵبەهار بەردەوام دەبێت لە گۆرانیگوتن، ژمارەی گۆرانییەکانی لە رادیۆی کوردی - بەغدا تاوەکو ساڵی ١٩٨٧ کە خانەنشین دەبێت، زیاتر لە (٢٧٠) گۆرانییە. هەموو بەرهەمەکانی لە رادیۆی بەغدا تۆمار نەکراوە، بەڵام زۆربەیان بەشێوەی راستەوخۆ لە رادیۆ بڵاوکراونەتەوە. بەشی زۆری ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی دەلالەت لە سروشتی کوردستان دەکات، ئەمەش مانای وایە سروشتی کوردستان کارتێکردنی زۆری بەسەرەوە هەبووە. هۆنراوەی گۆرانییەکانیشی هەڵبژێنجراوەی شیعرەکانی (محەمەد ئەمین عوسمان، دکتۆر بەدرخان سندی، عەبدولحافیز مایی، مەحفوز مایی، سەبری بۆتانی، سەگڤان عەبدولحەکیم و فەخرەدین دوسکی)ین، شیعرەکانی دکتۆر بەدرخان سندی بە پلەیەکەم، سەگڤان عەبدولحەکیم بەپلەی دووەم، پشکی شێریان لەتێکستی گۆرانییەکانی داگیرکردوە. ئاوازی گۆرانییەکانیشی هونەرمەندان (ئەحمەد خەلیل، نازم نەعیم، یاسین شێخی، سەمیر زاخۆیی، محەمەد قەدری، جەمال جەلال، بەشار محەمەد) بوون.

زۆربەی گۆرانییە بەناوبانگەکانی بە دووانەیی لەگەڵ هونەرمەندانی تر تۆمارکردووە، وەکو گۆرانی (ئەز کەچم کەچا کوردا مە، شڤان و بێری، سەبرا دلا) لەگەڵ سەمیر زاخویی، گۆرانی (زەمبیل فرۆش) لەگەڵ عیسا بەرواری، گۆرانی (خاڵخالۆکێ) لەگەڵ تەحسین تەها، گۆرانی (ماسی فرۆش) لەگەڵ فەخری بامەڕنی، هەروەها لەگەڵ هونەرمەندانی تر؛

**بەشی زۆری ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی دەلالەت لە سروشتی کوردستان دەکات، ئەمەش مانای وایە سروشتی کوردستان کارتێکردنی زۆری بەسەرەوە هەبووە.**

عەبدوڵا زێڕین، فوئاد ئەحمەد، بەشار زاخۆیی، محەمەد قەدری، محەمەد تەیب و.. هتد، گۆرانی بەهاوبەشی تۆمارکردوون.

جەمال بەرواری باس لەوەدەکات؛ لەبیرهاتنەوەی کۆچی مستەفا بارزانی، خۆی و هونەرمەند عەبدولا زێڕین هەستاون بە ڕێکخستنی تێکستی گۆرانییەك بەناوی (ڕۆژا توو چوی تەلمەکر تازی- ای برحیلك حل علینا الحزن والعزاء) کە لە هۆنراوەی شاعیر مەحفوز مائی) بووە، وشەهایەکی ڕەمزی تێدابوو لەبارەی کۆچی مستەفا بارزانی، بەمەبەستی ئەوەی هونەرمەندان عەبدوڵا زێڕین و گوڵبەهار بیکەنە گۆرانی بەهاوبەشی بیلێن، بەڵام لیژنەی پشکنین و هەڵسەنگاندنی دەقەکان لەبەغدا ڕەتیان کردۆتەوەو پێیان وابووە پەسەندکردنی ئەو دەقە بۆ گۆرانی، ئەوا پەسەندکردنی لەسێدارەدانی مەرگی خۆیانە.

گوڵبەهار زۆر وڵاتان گەڕاوەو بەشداری ئاهەنگە هونەریەکانی دەرەوەی عێراق و کوردستانی کردووە، بۆ ئەوەی دەنگی نوێی گۆرانی کوردی بگەیەنێتە دونیای دەرەوەش. بۆ ئەم مەبەستەش ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ هونەرمەندان محەمەد عارف جەزیری و عیسا بەرواری دەچێتە لوبنان و چەندین ئاهەنگیان گێڕاوە. ساڵی ١٩٧٦ سەردانی فەڕەنساو نەمسا دەکات. ساڵانی١٩٧٧- ١٩٧٨ جارێکی دی دەچێتەوە فەڕەنساو لەپاریس خەلاتێکی پێدەدرێت، دوای ئەوە دەچێتە بەریتانیا، نەمساو سوید. ساڵی ١٩٨١یش دەچێتە ئەمەریکا و چەند کۆنسێرتێکی گۆرانیگوتن سازدەکات بۆ کوردە پەنابەرەکان. هەموو ئەمانە ناو و ناوبانگ و خزمەتی هونەری ئەویان زیاتر کرد.

### ● ئەنجامی کارە هونەرییەکانی و پاییزی تەمەنی

گوڵبەهار یەکەمینی ئەو ژنە هونەرمەندە کوردانەیە کە توانیویەتی زۆر بوێرانە لەبواری شانۆو سینەمادا کاربکات و بۆشایی نەبوونی ئافرەت لەو بوارەدا پڕبکاتەوە. دواتریش لە ڕێگەی هونەری گۆرانیگوتنەوە خزمەتێکی گەورەی میللەتەکەی خۆی بکات.

ساڵی ١٩٨٥ وازی لەگۆرانیگوتن هێناوەو دواهەمین گۆرانیش کە تۆماری کردبێت بەر لەوازهێنانی، گۆرانی (دلۆ ئەز تەهیلام) ی هۆنراوەی دکتۆر بەدرخان سندی-یە. دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق بەهۆی نالەباری بارودۆخی ئەمنی، لەگەڵ کچەکەی دەچێتە ئوردن و لەوێ نیشتەجێ دەبن. لە ٢٠٠٥/٣/١٧ بە هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵێك ڕۆشنبیری کورد و بەهاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەدات. بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری دهۆك، وەکو ڕێزگرتنێك لەتەمەنی هونەری و خزمەت و هەوڵ و کۆششەکانی، لەژێر چاودێری وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاهەنگێکی هونەری گەورە لە پێشوازی بەخێرهاتنەوەی لەهۆلی محەمەد عارف جەزیری بۆ سازدەکات. ئاهەنگەکە بە ئامادەبوونی هونەرمەندان و گۆرانیبێژان و ئەدیبانی دەڤەرەکەو خۆشەویستان و هەوادارانی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت. گوڵبەهار لەگەڵ ئەوەی لەپاییزی تەمەنیدا بوو، بەدەنگە خۆشەکەی ژمارەیەك گۆرانی بۆ گوتن، خەلات و نیشانەی ڕێزلێنانی لەلایەن ژمارەیەك لەدامەزراوە ڕاگەیاندنەکانی پارێزگاکە پێدرا. بەم شێوەیە گەڕایەوە نێو ناسیاو و هەواداران و خۆشەویستانی لەدهۆك و پێشوازی کراو ڕێزێکی زۆری لێ گیرا، دواتریش ئامۆژگەی کەلەپوری کوردی-دهۆك ئەلبومێکی یادگاری بۆ دروستکرد، کە پوختەیەکی ژیانی و (٦) ئەلبوم بوو، لە(٦٩) گۆرانی پێکدەهات.



هەروەها گوڵبەهار بەهۆی دەنگە پڕ لەسۆز و حنان و ئاوازە خۆش و دڵگیرەکانیەوە، نزیکی ریتمی گۆرانییەکانی و دەنگی لەگۆرانیبێژی عەرەبی (فیروز ڕەحبانی)، نازناوی «فەیرۆزی کوردستان»ی پێدراوە. ئەو خۆشەویستییە قوڵەی بۆ سروشتی کوردستانی هەبوو، بەتایبەتیش گۆرانی (کەوا سپێدێ بخوینە) وایکرد ئەم نازناوە هەڵبگرێت، کە ڕۆژانە بەیانیان لەبەشی کوردی رادیۆی بەغدا بۆماوەی (٣) خولەك لەپێشەکی بەرنامەی (الصباحیة) لێدەدرا.

### ● کۆچی دوایی

گوڵبەهار ساڵی ٢٠٠٧ بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی جارێکی دیکە دەچێتەوە بەغدا، بەڵام ئەم جارەیان نەگەڕایەوە، دوای ئەوەی جەلتە لێی دەدات و تووشی شەلەلی دەکات، لەیەك لەنەخۆشخانەکانی بەغدا ڕۆژی سێشەمە لە٢٠١٠/٢/٢٣ کۆچی دوایی دەکات. ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە قسەوباسی زۆر لەبارەی گۆڕەکەیەوە دەکرێت و زانیاری ورد نییەو بەتەواوەتی نازانرێت لەکوێیە. زۆربەی ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە دوای ئەوەی لەنەخۆشخانەیەکی بەغدا کۆچی دوایی دەکات، نەوەکانی بردوویانەتە شاری نەجەفی پیرۆز (نەجەف ١٦٠کم لە باشووری ڕۆژئاوای بەغدایە)و لەوێ ناشتوویانە، لەبەر ئەوەی پێشتر ژن براکەشی لەوێ بەخاك سپێردراوە. بۆچوونی تریش هەیە کە گۆڕەکەی لەشاری بابل بێت. بەڵام ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە هەروەکو هونەرمەند سەمیر زاخۆیی (کە هەڤاڵەکی نزیکی بووە) باسی دەکات؛ ناوبراو وەسیەتی کردبوو بیگەڕێننەوە کوردستان و لە زاخۆ بینێژن.

**گوڵبەهار زۆر وڵاتان گەڕاوەو بەشداری ئاهەنگە هونەریەکانی دەرەوەی عێراق و کوردستانی کردووە، بۆ ئەوەی دەنگی نوێی گۆرانی کوردی بگەیەنێتە دونیای دەرەوەش**

---

(١) فیرۆز ڕەحبانی: ناوی ڕاستەقینەی (نهاد رزق ودیع حداد)ە، ژنە هونەرمەندێکی ناوداری عەرەبە، لە بەیروتی پایتەخی لوبنان لە خێزانێکی کاسۆلیکی مەسیحی لەدایك بووە، ماوەی (١٩٣٥- ٢٠١٦) ژیاوە، خاوەنی زیاتر لە(٨٠٠) گۆرانیە، دوای ئەوەی شو بە هونەرمەند عاصی ڕەحبانی (١٩٢٣- ١٩٨٦) دەکات، نازناوی فەیرۆز ڕەحبانی هەڵدەگرێت.

### ● سەرچاوەی زانیارییەکان:


- سەگڤان عەبدولحەکیم، گولبهار: دەنگێ ئێکانەیە ل جیهانێ گەریای، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە (٤)، شوباتی ١٩٨٨.
- جمال برواری، محطات من ذاكرتي مع الفنانة الكوردية الرائدة گولبهار في ذكرى رحيلها.، جريدة (التاخي)، العدد(٧٢٠٣)، ٢٠/٩/ ٢٠١٦.
- Zeyneb yaş، Şakarên Muzika Kuedi، çildê 1، (1803- 1930)، Bajarê Mezin ya Amedê، 2015.



### جنیڤەر لۆرانس:

# هونەر ناچاری کردم زۆر کار بکەم کە بە دڵم نەبووە


ئەستێرەی ناسراوی هۆڵیۆد جنیڤەر لۆرانس رایگەیاند لە سەرەتای کاری هونەرییدا بەرهەمهێنەرەکانی سینەما ناچاریان کردووە زۆر کار ئەنجام بدات کە بڕوای پێ نەبوو، بەڵام بە هۆی خۆشەویستیی بۆ هونەرەکەی و بڕوا بوونی بە تواناکانی خۆی کە لە کۆتاییدا سەرکەوتوو دەبێت ناچاربوو ئەنجامی بدات.

لۆرانس لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری (ئیل) وتی: ئەو کات من ئەکتەرێکی ناسراو نەبووم، بۆیە هەستم دەکرد کە ئیرادەی خۆم لێسەندراوەتەوە بەتایبەتی کاتێك ناچار بووم خۆم رووت بکەمەوە لەبەردەم بەرهەمهێنەر، بەڵام بە هۆی خۆشەویستیم بۆ کاری هونەری ئاسایی بوو لام، لۆرانس هەروەها دەڵێ: لە ساڵی ٢٠١٣ بەرهەمهێنەرێکی سینەمایی داوای لێکردم لەگەڵ چەند کچێکی دیکە بە رووتی بوەستم لە تێستی بەشداری کردن لە فیلمێکی سینەماییدا، بەڵام دوای ئەوەی ناسرام لەسەر ئاستی جیهانی،شارەزایی پەیدا کردن و ناوبانگ بووە هۆکارێکی باش بۆ پاراستنم لە هەموو جۆرە دەستدرێژییەك، هەر بۆ ئەم مەبەستە من دەنگی خۆم دەدەم بە هەر کچ و کوڕ و پیاوێك کە هەست بکەن ناتوانن خۆیان بپارێزن لەو جۆرە دەستدرێژیانە.

لۆرانس زیاتر وتی: بەرهەمهێنەرەکە ئافرەت بوو ناچاری کردم لەگەڵ پێنج ئافرەتی دیکە خۆی رووت بکەم و کێشی لەشیشم دابەزێنم، هەروەها داوای لێکردم چەند وێنەیەکی رووتی خۆم بگرم بۆ ئەوەی ببنە هاندەرێك تاکو کێشم دابەزێنم، بەڵام بەرهەمهێنەرێکی دیکە کە پیاو بوو پێی وتم تۆ خۆت زۆر سەرنجڕاکێشی و پێویست ناکات کێشت دابەزێنی.



# زینات ئامانیش رووبەڕووی دەستدرێژی بۆتەوە



زینات ئامان یەکێك بوو لە ئەستێرە ناسراوەکانی بۆلیۆد لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو و خاوەن جەماوەرێکی زۆریش بوو، وەك بەشێك لە ئافرەتە ئەکتەرەکانی بۆلیۆد رووبەڕووی دەستدرێژی بۆتەوە، چونکە بەم دواییە سکاڵای دژی بیرزنسمانێکی ناسراوی هیندستان لە دادگا بەرزکردەوە و تێیدا بە دەستدرێژی کردنە سەری لە رێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تۆمەتباری دەکات.

زیناتی تەمەن ٦٦ ساڵ و شاجوانی پێشووتر سکاڵای دژی بیزنسمانێکی تەمەن ٣٨ ساڵ بە ناوی عەمار خان بۆ دادگا بەرز کردۆتەوە بەتۆمەتی دەستدرێژی کردن و بێزار کردنی لە رێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی واتس ئاپەوە لە چەند مانگی رابردوو و بە شێوەیەکی بەردەوام، بەپێی هەواڵەکانی ئاژانسی (ANI)ی هیندی زینات لە بنکەیەکی پۆلیس ئەم سکاڵایەی پێشکەش کردووە.

راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زینات و عەمار هاوڕێی نزیك بوون، بەڵام دواتر پەیوەندییەکانیان تێکچوون لە چەند هەفتەی رابردوودا و گەیشتە ئاستی قسەی ناشیرین و شەڕ لە نێوانیان. لێکۆڵینەوەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کێشەکانی نێوانیان بە هۆی چەند بابەتێکی تایبەت بە موڵکە لە نێوانیان، بەڵام تا ئێستا ناوەڕۆکی کێشەکەیان ئاشکرا نەبووە.

سەرچاو نزیکەکانی زینات ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە دوای هەموو جۆرە پەیوەندییەکی بە خانەوە پچڕاندووە بەتایبەتی دوای ئەوەی بەردەوام بوو لە دەستدرێژ کردن و هەڕەشە کردن لە زینات و ماوەیەکیشە ون بووە و پۆلیس بە دوای شوێنیدا دەگەڕێت، بەڵام نەیدۆزیتەوە ئەمەش تۆمەتەکان پشت راست دەکاتەوە لە هەمان کاتدا پاڵپشتێکی بە هێزە بۆ سکاڵاکەی زینات و لە دادگادا بەهێزتری دەکات.



# ئارەزووە سەیرەکەی نیکۆڵ کیدمان

ئەستێرە ناودارەکانی بواری هونەری کە لەسەر ئاستی جیهان خاوەن جەماوەرێکی زۆرن و تا رادەیەك بە هۆی کارەکانیانەوە ناتوانن وەك هەر کەسێکی دیکە ژیانێکی ئاسایی بەرنەسەر بە هۆی چاودێریکردنیان، بەڵام زۆربەیان ئارەزووی سەیریان هەیە رەنگە ئەگەر جەماوەرەکەیان بزانن تووشی شۆك ببن.

یەکێکە لەوانە ئەستێرەی شۆخ و شەنگی ئوسترالی نیکۆڵ کیدمانە کە بە درێژایی ژیانی هونەریی تا ئێستا گەورەترین خەڵاتە ناسراوەکانی جیهانی لە بواری سینەما بە دەستهێناوە، نیکۆڵ جەماوەرەکەی تووشی سەر سوڕمان کرد کاتێك رایگەیاند ئەو عاشقی خواردنی کرم سیسرکەیە، کیدمان لە میانەی دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (Vanity Fair) لە راپۆرتێکدا بە ناوی (شانۆی بەهرە شاراوەکان) بۆ یەکەم جار ئەم نهێنییەی درکاند.

نیکۆڵی تەمەن ٥٠ ساڵ هەر لە بەرنامەکەدا بە ئاشکرا وتی: جیاواز لە زۆربەی ئەکتەر و هونەرمەندانی جیهان وتی: ئەو ژەمەی کە زۆر حەز دەکەم بەردەوام بیخۆم پێکدێت لە کۆمەڵێك کرمی جیاجیا و سیسرکە و کوللەی برژاوە و ئەگەر بتوانم رۆژانە ئەم خواردنانە دەخۆم، بەڵام بە هۆی کار و گەشتی بەردەوام ئەمە تا رادەیەك زەحمەتە.

هەر لە میانەی دیمانەکەدا کیدمان بە شانازییەوە بە رۆژنامەنووسەکەی راگەیاند: تەنیا من نیم لە جیهان حەز بە خواردنی کرم و سیسرکە و ئەم جۆرە شتانە دەکەم، بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان زیاتر لە دوو ملیار کەس کرم و سیسرکە خواردنی سەرەکییانە منیش یەکێکم لەوانە، هەندێك لەبەر ئەوەی ناتوانن خۆراك پەیدا بکەن بە ناچاری دەیخۆن و هەندێکی دیکەشی وەکو من بۆ خۆشی و ئارەزووی خۆیان دەیخۆن.